# گرتنەوەی ئاوی ڕوباری زێی بچووك و كاریگەری لەسەر قەزای پشدەر و چۆنیەتی چارەسەركردنی گرفتی كەم ئاوی

**ئامادەكردن و بەدواداچوونی:**

**سەلام محمود ناصر**
**ماستەر لە جوگرافیای دەرامەتە سروشتییەكان و پەرەپێدان**

**ڕزگار مصطفی محمدامین**
**ماستەر لەجوگرافیای پیشەسازی**

**پێداچوونەوەی زانستی لەلایەن بەڕێز:**
**د. پیشتیوان شەفیق احمد**

دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی گرتنەوەی ئاوی ڕوباری زێی بچوك لەلایەن كۆماری ئیسلامی ئێران، بەهۆی دروستكردنی بەنداوی (كۆڵەسە) لە نزیك شاری سەردەشتی ڕۆژهەلاتی كوردستان، كاردانەوەیەكی گەورەی لەنێو بەكارهێنەرانی تۆڕە كۆمەلایەتیەكان بەگشتی و شڵەژانێكی گەورەی دەروونی لەنێو نزیكەی (75000) هاولاتی دانیشتوی شاری قەلادزێ لێكەوتۆتەوە ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەم بەنداوە ڕاستەوخۆ كاریگەری لەسەر دابینكردنی ئاوی خواردنەوەی دانیشتوانی شاری قەلادزێ دەبێت، هەروەها لەماوەی داهاتوودا كاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر زۆربەی چالاكییە ئابورییەكانی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و پارێزگای كەركوك، كەبەبۆچوونی ئێمە كاتی گرتنەوەی ئاوەكە پێدەچێت پەیوەندیداربێت بە پرۆسەی ڕیفراندۆمەوە، كە بڕیاردراوە لە (9/25) ئەنجامبدرێت، چونكە ئەم پرۆژەیەی ئێران ڕاستە لە ساڵی (2007) ەوە كاری تێدا دەكرێت، بڕیار وابوو لەزستانی داهاتوودا پرۆژەكە بخەنە كار، بەلام بۆچی لەم وەرزی هاوینەدا ئاوەكەیان گرتەوە؟! بێگومان پەیوەندیدارە بە م بڕیارەی هەرێمەوە.

ئێمە وەك دوو مامۆستای زانكۆی ڕاپەڕین پسپۆڕ لە بواری جوگرافیا، بەپێویستمان زانی بەدواداچۆنێكی زانستی ورد و خێرا بكەین، بۆ وەرگرتنی وەلامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە پەیوەست بە ئاسایشی ئاوی لە قەزای پشدەر:

1- تایبەتمەندیەكانی بەنداوی كۆڵەسە چین؟ ئایان تا چەند كاریگەری دەبێت لەسەر بڕی بەرهەمی ئاوی ساڵانەی زێی بچووك؟ ئایا ئێران دەتوانێت بەتەواوی ئاوی زێ بگرێتەوە؟

2- گرتنەوەی ئاوی زێی بچوك تاچەند كاریگەری دەبێت لەسەر كەرتە جۆراوجۆرەكان لەقەزای پشدەر؟

3- ئایا سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی دانیشتوانی شاری قەلادزێ هەڕەشەی لەسەرە؟ ئەی جێگرەوە چییە لەئەگەری وەستانی پرۆژەی ئاوی (خاص)؟

4- گرنگترین هەنگاوە خێراكان چین بۆ كەمكردنەوەی كاریگەری ئەم بڕیارە، لەسەر كەرتە ئابورییەكان و دابینكردنی ئاوی خواردنەوە؟

5- پلانی درێژخایەن چییە بۆ دابینكردنی ئاسایشی ئاوی دانیشتوانی قەلادزێ و حەوزی ڕوباری زێی بچووك بەگشتی؟

6- تایبەتمەندیەکانی بەنداوە پێشنیازکراوەکانی قەزای پشدەر چین؟ ئایا جێبەجێکردنی بەنداوە پێشنیازکراوەکانی قەزای پشدەر تا چەند دەتوانێت ئاسایشی ئاو بۆ پشدەر فەراهەمبکات؟

بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە و چەند پرسیارێکی تر، لەبەرواری (2017/6/24) سەردانێکی مەیدایمان ئەنجامدا بۆ سەر زێی بچووك و هەستاین بەپێوانەکردنی بڕی ئاودەرکردنی ئێستای ڕووبارەکە لەسنوری قەزای پشدەر، و بەراوردکردنی لەگەڵ داتاکانی ساڵی (2016)، هەروەها سەردانی پڕۆژەی ئاوی (خاص)مان کرد، گفتوگۆیەکی چڕوپڕمان لەگەڵ بەرپرسانی پڕۆژەکە و لێپرسراوی ئاوی قەلآدزێ ئەنجامدا، دوای دەستکەوتنی چەندین ژمارە و زانیاری، و هەڵسەنگاندنی و بەراورد کردنی زانیارییەکان، دەرئەنجامەکانی بەچەند خاڵێك دەخەینەڕوو:

1- بەنداوی کۆڵەسە: یەکێکە لەکۆگاکانی گلدانەوەی ئاو، کە بەدووری (13) کم لە باشوری خۆرهەلآتی شاری سەردەشت لەسەر زێی بچووك (چۆمی کەڵوێ) بنیاتنراوە، بەنداوەکە لەجۆری گڵییە، بەرزیەکەی (114)مەترە، پانیەکەی (275) مەترە، توانای گلدانەوەی (545) ملیۆن م3 ئاوی هەیە، واتە زیاتر لە (8٪) ئاوی بەنداوی دووکان، توانای بەرهەمهێنانی (150) میگاوات کارەبایی سالانە و (482) کیلۆوات کارەبا لەکاتژمێرێکدا هەیە، لەساڵی (2007) ەوە بە بڕی (1400) ملیارد تمەنی ئێران دەستکراوە بە دروستکردنی، لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو بەتەوای کەوتەکار.

**ئایا تا چەندە ئەم بەنداوە کاریگەری دەبێت لەسەرڕێڕەوەی ئاوی زێی بچوك و بڕی ئاوەکەی لە هەرێمی کوردستان؟**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە ئەوە بزانین، بڕی بەرهەمی ئاوی سالآنەی زێی بچووك پێش ئەوەی بڕژێتە ناو سنوری هەرێمی کوردستان (1.9) ملیار م3/ساڵە، بەلآم لەساڵی (2016)دا بڕی بەرهەمی ئاوی زێی بچووك دوای تێڕژانی چەند لقە ڕوبارێك، لە سنوری پشدەر نزیکەی (4,6) ملیار م3 بووە، بەلآم لەو ساڵەدا بڕی باران لە سەرووی (1100) ملم بارییوە، واتە ناتوانرێت پشتی پێببەسترێت، بەبۆچوونی ئێمە و تێڕامان لە توێژینەوەکان پێشتر، نزیکەی لەسەرووی (65٪) ئاوی زێی بچووك لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە دێت، تێرامانمان لەم ژمارانەوە دەردەکەوێت ئەم بەنداوە نابێتە هۆی وشکبوونی تەواوەتی زێ، بەلآم هەرچۆنێك بێت کاریگەری نەرێنی زۆری دەبێت لەسەر باشوری کوردستان، بەتایبەتی لە وەرزی هاوین و سالآنی وشکە ساڵی، کەرتە جۆراوجۆرەکان لەقەزای پشدەر دەکەونە مەترسیەوە، هەروەها دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی ئاوی بەنداوی دووکان.

بەلآم پێویستە ئەوە بزانرێت، بەنداوی (کۆڵەسە) تەنها بەنداو نییە کە لە سەر زێی بچووك دروستکراوە، بەڵکو لە ئێستادا، ئەو ولآتە سەرقاڵی دروستکردنی بەنداوێکی ترە لەسە هەمان ڕوبار بەناوی بەنداوی (کانی سێو)، کە ئێران دەیەوەێت لە ڕێگەی لێدانی دوو تونێلەوە، سالآنە نزیکەی (600) ملیۆن م3 ئاو بۆ گۆمی ورمییە بگوازێتەوە لەم بەنداوەوە، بەم پێیەش بێت، ئەگەر ئێران بیەوێت پابەندی یاسا نێودەوڵەتییەکان نەبێت، ئەوە دەتوانێت (100٪) ی ئاوی زێی بچووك بگرێتەوە، هەرچەندە نەیان شاردۆتەوە، کە دەیانەوێت (50٪) ئاوی زێ بگرنەوە، کە ئەمەش بەپێی یاسای نێودەوڵتی ڕێگەپێدراوە، لەئەنجامدا، ئەگەری ئەوە هەیە کەرتە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئاوزێلی ڕوباری زێی بچووك بکەوێتە مەترسییەوە، گرفتێکی گەورەی کەم ئاوی لەنێو دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی سەرهەڵدەدات، کە چارەسەری ئاسان نابێت، پێشتریش ئێران پلانی هەبووە بەتەواوی ڕێڕەوی ئاوی زێ بگۆڕێت و بیگوازێتەوە بۆ دەشتی ورمییە بۆ ئەوەی لەبواری کشتوکاڵدا بەکاربهێنرێت.

2- بڕی ئاودەرکردنی ئێستای ڕووباری زێی بچووك نزیكەی (7.3)م3/ چرکەیە، واتە (26280) م3/ سەعات، لەکاتێکدا لە بەرواری (2016/8/11) بڕی ئاودەرکردنی ڕووبارەکە (11) م3/چرکە بووە، واتە (39600) م3/ سەعات، لەبەرئەوە بۆچوونمان وایە تاوەکو ناوەڕاستی مانگی (ئاب) بڕی ئاودەرکردنی زێی بچوك دابەزێت بۆ کەمتر لە (3) م3/چرکە.

3- بۆ ئەوەی پرۆژەی ئاوی خاص بەردەوامبێت لەکارکردن پێویستە زێی بچوك (12000)م3/سەعات، بێت، لەئێستادا ئەم بڕەئاوە بەڕووبارەکەدادێت، بەڵام بەهۆی نەشیاوی شوێنی ئاوداركردنی پرۆژەکە، لەڕێگای گلدانەوەی ئاوەکەوە چارەسەری ئەم کێشەیە کراوە، ئەمەش ئەرك وتێچونی زیادکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا چارەسەرێکی کاتی و لاوازە، وەئەگەر هەیە لەماوەی داهاتوودا لەگەڵ کەمبوونەوەی ئاوی زێ لەمانگی (ئاب) ەوە بۆ کەمتر لەم بڕەی ئێستای، ئەوەش چارەسەر نابێت و پرۆژەکە لەکاردەکەوێت.

4- بەپێی ستانداری عێراقی بڕی پێویستی ئاوی بۆ دانیشتوانی شاری قەڵادزی (27025) م3 ئاوە لە ڕۆژێکدا، ئەوەش بەو پێیەی لەئێستادا دانیشتوانی شاری قەڵادزێ (75070) کەسە، هەروەها بەپێی ستانداردی عێراقی (360) لترئاو/ لەڕۆژێکدا بۆیەك کەس دیاریکردووە. لەکاتێکدا بە بەپێی ئەو پێوەرەی کە فەرمانگەی ئاوی قەڵادزێ کاری پێدەکات، پێویستیان بە (3000)م3/ کاژمێر، ئاو هەیە بۆ ئەوەی پێداویستی ئاوی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ دابین بکەن.

5- ڕێژەی (100٪) سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی شاری قەڵادزێ لەئێستادا لە پرۆژەی ئاوی خاص دابیندەکرێت، سەرجەمی ئەو پرۆژانەی پێش دروستکردنی پرۆژەی خاص لەکاردابوون وەك (پرۆژەی ئاوی هەڵشۆ و داودیە و بیرەکانی ناوشار) ئیشیان پێناکرێت، بەشێکیان بەهۆی دەستکاریکردنی تۆڕی ئاوی شار دابڕێنراون و بەشێکیش لەبیرەکان بەهۆی نەبوونی کارمەند لەکارکەوتوون، ئەوەش بەهۆی کەمی کارمەندی فەرمانگەی ئاو و خانەنشینبوونی بەشێکی تریان، لەبەرئەوە لەئەگەری وشکبوونی تەواوەتی ڕووباری زێی بچوك ناتوانرێت پشت بەم پرۆژانە ببەستێرێت وەك جێگرەوە.

6- گرتنەوەی ئاوی ڕووباری زێی بچووك تەنها مەترسی لەسەر ئاوی خواردنەوە نییە، بەڵکو کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بەرهەمهێنانی ماسی و چالاکی گەشتوگوزار..هتد، زیانی گەورەیان بەردەکەوێت، بەجۆرێك مەترسی لەسەر نزیكەی (19) پرۆژەی پەروەردەکردنی ماسی کە ژمارەی حەوزەکانیان (61) حەوزە دروستدەبێت، کە لەسەر زێی بچوك بنیاتنراون لەقەزای پشدەر، هەروەها مەترسی لەناوچوونی هەزاران دۆنم کشتوکاڵی جوتیاران دەکرێت، بەتایبەت بەروبوومە هاوینییەکانی وەك (شوتی، بامییە، خەیار..هتد) کە پشت بەئاوی زێ دەبەستن بۆ ئاودێری، چونکە زەوی مەغمورەی زێ بە (3874) دۆنم مەزەندە دەکرێت، جگەلەوەی دەبێتەهۆی دابەزینی ئاستی ئاوی بەنداوی دووکان، بەمەش یەکێك لەبنەما سروشتییە گرنگەکانی گەشتوگوزار لەدەست دەدەین کە ئاوی سەرزەوی (بەنداوی دووکان)ە، هەروەها زیانێکی گەورەو کوشندە بەر سامانی ماسی سروشتی دەکەوێت، لەبەنداوی دووکان و زێی بچووك، لەبواری پیشەسازیش زیانێکی گەورە بەر سامانی چەوولم دەکەوێت، چونکە نزیكەی (17) کارگەی چەوولم لەسەر زێی بچوك بوونیان هەیە، کە جگەلەوەی پێویستیان بەئاوە بۆ کارکردن، هەروەها ئەگەر ئاو نەبێت کەرەستەی خاویشیان بەتەواوی کەم دەبێتەوە.

7- ڕاستە ئەم بڕیارە لەئێستادا بەشێوەیەکی خێرا کاریگەری گەورەی لەسەر دانیشتوانی قەزای پشدەر دەردەکەوێت، بەڵام لەداهاتودا لەئەگەری بەردەوامی گرتنەوەی ئاوی زێ و کەمبوونەوەی داهاتی ئاوی بەنداوی دووکان، مەترسی گەورە ڕووبەڕوی کەرتە جۆراوجۆرەکانی وەك (کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتوگوزار، ژینگە، بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا...هتد) ی پارێزگای سلێمانی و

سەرجەمی دانیشتوانی حەوزی ڕوباری زێی بچوك لە پارێزگای هەولێر و کەرکوکیش دەبێتەوە، گەورەترین گرفتیش دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی شارەکان بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی دەبێت، جگەلەوەی کاریگەری دەبێت لەسەر ناوەڕاست و باشوری عێراقیش.

8- لەئەگەری کەمبوونەوەی ئاوی زێ و بەنداوی دووکان، کێشەی پیسبوونی ئاو سەرهەڵدەدات، بەجۆرێك ڕەگەزە کیمیایی و بەکتریۆلۆجیەکانی ناو ئاو زیادەکەن، ئەمە جگەلەوەی ئەگەری بلاوبوونەوەی فایرۆس و نەخۆشی لێدەکرێت، هەروەها وادەکات تێچووی بەرهەمهێنانی ئاوی پاك بۆ خواردنەوە زۆر بەرزبێتەوە.

## گرنگترین هەنگاو و کارە بەپەلەو خێراکان چین بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری گرتنەوەی ئاوی زێی بچوك لەسەر قەزای پشدەر هەرێمی کوردستان؟

بەمەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەریەکان ئەم بڕیارە، پێویستە چەند هەنگاوێکی بەپەلە و خێرا بگیرێنەبەر، بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری بڕیارەکە، هەروەها پێویستە بەزوترین کات لەلایەن بەرپرسانی باڵای حکومەتی هەرێم پلانێکی درێژخایەنی گشتگیر دابینرێت، بەمەبەستی فەراهەمکردنی ئاسایشی ئاوی و خۆراکی هەرێمی کوردستان، چونکە پێدەچێت لەساڵانی ئایندەدا زۆربەی ئەو ڕوبارانەی کە سەرچاوەکانیان دەکەوێتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لەلایەن ئێران و تورکیاوە ڕوبەڕووی وشککردن ببنەوە، بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانین چەند پێشنیازێك بخەینە ڕوو لەسەر ئاستی قەزای پشدەر و هەرێمی کوردستان:
هەنگاوە بەپەلەو خێراکان کە پێویستە بگیرێنە بەر لەسەر ئاستی قەزای پشدەر، بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لەنەمامی ئاوی خواردنەوە لەمانگی داهاتوەوە:

1- چڕکردنەوەی هەوڵەکانی لەلایەن بەرپرسانی عێراق و هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی و بەرپرسانی ناوخۆی قەزای پشدەر، بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بێت، حکومەتی ئێران پاشگەز ببێتەوە لەگرتنەوەی ئاوی ڕوباری زێی بچوك، هیچ نەبێت گرتنەوەکەی دوابخات تا هاتنی وەرزی زستان، بۆ ئەوەی کاریگەری کەم بێت لەسەر باشوری کوردستان، چونکە بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکانیش بێت ئێران ناتوانێت بەتەواوی ئاوی ڕوبارە هاوبەشەکان بگرێتەوە، خۆشبەختانە بەپێی بەدواداچونمان، تائێستا بەڕێزان سەرۆك کۆماری عێراق و وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان و بەڕێوبەری گشتی ئاوو ئاوەڕۆی هەرێم و چەندین ئەندام پەرلەمانی عێراق و هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی حکومەتی خۆجێی قەزای پشدەر لەهەوڵی بەردەوامدا بۆ ئەم مەبەستە، وە پێی سەرچاوەیەك ئێران ڕەزامەندی دەربڕیوەبۆ بەردانەوەی دووبارەی ئاوی ڕوباری زێی بچوك.

2- هەوڵدان بۆ دووبارە بەگەڕخستنەوەی بیرەکان و پرۆژە کۆنەکان، بەجۆرێك دووبارە ببەسترێنەوە بە تۆڕی ئاوی قەڵادزێ، بۆ ئەوەی لەئەگەری بەردەوامی گرتنەوەی ئاوەکە، پلانی جێگرەوە جێبەجێبکرێت، هەروەها گواستنەوەی بەزووی بەشێك لەکارمەندانی ناوچەکانی تر بۆ قەزای پشدەر بۆ ئەوەی بتوانرێت ئاو بۆ شار دابینبکرێت، هەروەها بەزووی کاربکرێت بۆ لێدانی چەند بیرێك بەشێوەیەکی زانستی و خێرا و ببەسترێنەوە بەخەزانەکانی ئاوی شاری قەڵادزێ وە، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست بەکاربهێنرێن.

3- گرتنەوەی تەواوەتی بەنداوی دووكان تا كردنەوەی ئاوی زێی بچووك لەلایەن ئێران، بۆ ئەوەی ببێتە كارتێكی فشاری سیاسی لەسەر حكومەتی ناوەندی و كێشەكە بەنێودەوڵەتی بكرێت، وەرێگەیەك بێت بۆ كەمكردنەوەی كاریگەری گرتنەوەی ڕوبارەكە لەسەر دانیشتوانی شاری سلێمانی.

4- چاودێریكردن و پشكنینی بەردەوامی كیمیایی و فیزیایی و بەكتریۆلۆجی ئاوی ڕوباری زێ و خەزانەكانی ئاوی شاری قەڵادزێ، تاوەكو دووربن لەپیسبوونی كیمیایی و بەكتریۆلۆجیەوە بەهۆی كەمبوونەوەی ئاوەوە، بۆرێگری كردن لەڕوودانی كێشەی تەندروستی.

5- بڵاوكردنەوەی ئاگاداری و هۆشیاری لە نێوان دانیشتوانی قەزای پشدەر، بۆ ئەوەی زیادەڕۆی لەبەكارهێنانی ئاو نەكرێت، ئەوەش لەڕێگەی بەكارهێنانی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن و پیاوانی ئاینی، هەروەها دەكرێت بڕی پێدانی ئاو كەمبكرێتە بۆ 45 خولەك لەڕۆژێكدا.

## گرنگترین هەنگاو و پلانە درێژخایەنەكانیش بەچەند خاڵێك دەخەینەڕوو:

1- كاركردن بۆ جێبەجێكردنی یاسا نێودەوڵەتییەكانی پەیوەست بەڕووبارە هاوبەشەكانی نێوان وڵاتان، ئەوەش لەڕێگەی بەگەڕخستنی هەوڵە دیبلۆماسییەكان و دروستكردنی فشار لەلایەن حكومەتی عێراق و هەرێمی كوردستان، هەروەها ئەندامانی پەرلەمانی عێراق، بۆ ئەوەی حكومەتی (ئێران، توركیا) ناچار بكرێن پەیوەستبن بەو یاسایانەوە، هەروەها بەنێودەوڵەتیكردنی كەیسی ئاو لەنێوان عێراق و وڵاتانی دراوسێ، چونكە چاوەڕێ دەكرێت لەساڵانی داهاتوو ئەم گرفتە گەورەتربێت.

2- دانانی پلانێكی گونجاو بۆ بەردانەوەی ئاوی بەنداوەكانی هەرێمی كوردستان، پەرەپێدانی بەردەوامی بەنداوەكان، زیادەڕۆی نەكرێت لەبەردانەوەی ئاوی بەنداوەكان، بۆ ئەوەی لەحاڵەتی لەناكاو و ڕودانی وشكەساڵیدا بتوانرێت سوود لە ئاوی ئەم بەنداوانە وەربگیرێت.

3- بەزوی هاتنە سەر هێڵی بەرپرسانی حكومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەكان، ئەوەش بەمەبەستی كۆكردنەوەی داتای ورد و ڕاست لەسەر كۆی كەرتەكان و دەرامەتە سروشتییەكان هەرێمی كوردستان بەگشتی و دەرامەتی ئاو بەتایبەتی، ئەوەش لەڕێگەی دانانی وێستگەی پێوانەكردنی ئاو لەسەر سەرجەم ڕوبارە هەمیشەیی و وەرزییەكان، چونكە هەرێمی كوردستان زۆر هەژارە لەڕووی داتاوە، هەروەك دەزانرێت هیچ پلاندانانێكی ئابوری سەركەوتوو نابێت، ئەگەر پشت بەداتای ورد و دروست نەبەسترێت، دەكرێت پشت بە تێز و نامە زانستییەكان ببەسترێت كە لەم ڕووەوە ئەنجامدراون.

4- هەوڵدان بۆ جێبەجێكردنی بەنداوە پێشنیازكراوەكان، بەتایبەت ئەو بەنداوانەی كە سەرجەم قۆناغەكانی لێكۆڵینەوەیان بڕیوە، تەنها ماوە بخرێنە تەندەرەوە، هەروەها كاركردن بۆ لێكۆڵینەوە لە بەنداوەكانی تر، بۆ ئەوەی لەساڵانی داهاتوو بخرێنە بواری جێبەجێكردن، بەتایبەتی لەسنوری پارێزگای سلێمانی، بۆئەوەی لەڕێگەیەوە ڕێگە بگیرێت لەبەهەدەردانی ئاوی باران و ئاوی ژێر زەوی، ئەم هەنگاوەش پێویستی بەدابینكردنی بودجەیەكی بەپەلە و پێویست هەیە، لەبەرئەوە پێویستە فشار لەبەرپرسانی حكومەتی هەرێمبكرێت، بۆ ئەوەی بودجەیەكی تایبەت بە دروستكردنی بەنداوەكان تەرخانبكرێت، بۆ نمونە تەنها بەنداوی دەڵگە كە توانای گلدانەوەی (100) ملیۆن م3 ئاوی هەیە، پێویستی بە (252) ملیۆن دۆلارە بۆ جێبەجێكردن.

**تایبەتمەندیەکانی بەنداوە پێشنیازکراوەکانی قەزای پشدەر چین؟ ئایا جێبەجێکردنی بەنداوە پێشنیازکراوەکانی قەزای پشدەر تا چەند دەتوانێت ئاسایشی ئاو بۆ قەزای پشدەر فەراهەم بکات؟**

وەك لە خشتەی (1) دا دەردەکەوێت، (17) شوێن پێشنیازکراون بۆ ئەوەی بەنداویان تێدا دروستبکرێت، هەرچەندە تەنها بەنداوی (دەڵگە و بەلکی) سەرجەم قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەیان بڕیوە بەهەردووکیان توانای گلدانەوەی (121) ملیۆن م3/ ئاویان هەیە، تەنها ماوە جێبەجێبکرێن، بە کۆی بەنداوە پێشنیازەکراوەکان توانای گلدانەوەی زیاتر (250) ملیۆن م3 ئاویان هەیە، مەبەستی دروستکردنی زۆربەی بەنداوەکان بریتیە لە ئاودێری و دابینکردنی وزەی کارەبا، هەڵبەتە بەتەنها بەجێبەجێکردنی ئەم دوو بەنداوە ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لەسەر کەمکردنی کاریگەریاکانی گرتنەوەی ئاوی زێ، چونکە پێداویستی ئاوی قەزای پشدەر لەساڵێکدا تەنها نزیکەی (105) ملیۆم3 ئاوە، بەم پێیەش ئەگەر تەواوی سەرچاوەکانی ئاوی لەقەزای پشدەر پشتگوێ بخرێت، ئەوە دەتوانرێت لەڕێگەی ئەم دوو بەنداوەوە ئاوی قەزای پشدەر دابینبکرێت، هەروەها ڕۆڵی بەرچاویان دەبێت لە بەراوکردنی هەزاران دۆنم زەوی کشتوکاڵی لەقەزای پشدەر، جگە لەوەی بەجێبەجێکردنی ئەم بەنداوانە و بەنداوەکانی تری کوردستان، ئەوە دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگی دەستکەوتنی وزەی پاك، بەم پێیەش بێت بەجێبەجێکردنی پلانێکی درێژخایەن و ڕێك و پێك دەکرێت ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان فەرهەمبکرێت، ئەوەش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئاوی باراناو.


تێبینی: خشتە و نەخشەی هاوپێچ بریتیە لە زانیاری ورد لەسەر بەنداوە پێشنیازکراوەکانی قەزای پشدەر:

## خشتەی (1) بەنداوە پێشنیازکراوەکانی قەزای پشدەر

| ژ. هێمای بەنداو | ناوی بەنداو | شوێنی جوگرافی | ناوی ڕوبار | X | Y | مەبەست لەدروستکردن | پێزبەندی جێبەجێکردنی پرۆژە | ڕوبەری ئاوزێڵ کم2 | بەرزی بەنداو بە م | توانای گلدانەوەی ئاو ملیۆن م3 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | چەکوان | ئیسێوە | باوزێ | 36 06 84 | 45 29 91 | ئاودێری – بەرهەمهێنانی وزە | 3 | 35.66 | 36 | 1.5 |
| 2 | هێرۆ | هێرۆ | هێرۆ | 36 13 32 | 45 28 40 | ئاودێری | 4 | 13.61 | 37 | 1.2 |
| 3 | دەلگە | سەنتەر | زێی بچوك | 36 10 21 | 45 17 14 | ئاودێری – بەرهەمهێنانی وزە | 1 | 7939.98 | 58 | 100 |
| 4 | بێموش | سەنتەر | بادین | 36 14 09 | 45 17 52 | ئاودێری – بەرهەمهێنانی وزە | 3 | 65 | 20 | 1 |
| 5 | هەڵشۆ | هەڵشۆ | ئالأوە | 36 20 60 | 45 27 60 | ئاودێری – بەرهەمهێنانی وزە | 4 | 18.78 | 52 | 4 |
| 6 | بەلکی | ژاراوە | ژاراوە | 36 27 54 | 45 15 29 | ئاودێری – بەرهەمهێنانی وزە | 1 | 325 | 40 | 21 |
| 7 | سۆرەگڵە | ژاراوە | گردەئێستر | 36 34 76 | 45 17 80 | ئاودێری – بەرهەمهێنانی وزە | 4 | 73.04 | 20 | 2.5 |
| 8 | دوچۆمان | ژاراوە | ژاراوە | 36 25 72 | 45 10 99 | ئاودێری – بەرهەمهێنانی وزە | 3 | 481.5 | 23 | 8 |
| 9 | ژاراوە | ژاراوە | ژاراوە | 36 23 23 | 45 08 70 | ئاودێری – بەرهەمهێنانی وزە | 4 | 486.5 | 20 | 12 |
| 10 | زوودان | ژاراوە | دۆڵەبەفرە | 36 29 47 | 45 09 05 | ئاودێری | 3 | 7.5 | 32 | 3 |
| 11 | سێوەیس | سەنگەسەر | بەستەستێن | 35 34 48 | 45 07 11 | ئاودێری – بەرهەمهێنانی وزە | 3 | 36.5 | 48 | 10 |
| 12 | بی پالآن | سەنگەسەر | بەستەستێن | 36 33 84 | 45 03 81 | ئاودێری | 3 | 17.6 | 36 | 4 |
| 13 | سورەدێ | سەنگەسەر | گاڕفێن | 36 41 23 | 45 08 70 | ئاودێری – بەرهەمهێنانی وزە | 4 | 63.43 | 67 | 6 |
| 14 | بیەڕەش | سەنگەسەر | قەندیل | 36 38 22 | 45 00 13 | ئاودێری – بەرهەمهێنانی وزە | 3 | 106 | 48 | 10 |
| 15 | باراوە | سەنگەسەر | گاڕفێن | 36 38 36 | 44 97 59 | ئاودێری – بەرهەمهێنانی وزە | 3 | 70.4 | 24 | 10 |
| 16 | شەهیدان | سەنگەسەر | گاڕفێن | 36 30 31 | 45 01 00 | ووزە | 4 | 69.49 | 67 | 6 |
| 17 | تووەسوران | سەنگەسەر | زێی بچوك | 36 21 61 | 44 98 85 | ئاودێری – بەرهەمهێنانی وزە | 3 | 9393.12 | 7 | 50 |

سەرچاوە: سەلام محمود ناصر، دەرامەتەسروشتیەکان و ڕۆڵیان لەپەرەپێدانی چالاکییە ئابوریەکان لەقەزای پشدەر، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، 2016، لا77.

## نەخشەی دەرامەتی ئاوی سەرزەوی و بەنداوە پێشنیازکراوەکانی قەزای پشدەر




سەرچاوە: سەلام محمود ناصر، دەرامەتەسروشتیەکان و ڕۆڵیان لەپەرەپێدانی چالاکییە ئابوریەکان لەقەزای پشدەر، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، 2016، لا70.

وێنەی (1) پێوانی بڕی ئاودەرکردنی ڕووباری زێی بچوك لەبەرواری (2016/8/11)، بەبەکارهێنانی ئامێری (Current Meter)



وێنەی (2) پێوانی بڕی ئاودەرکردنی ڕووباری زێی بچوك، لەبەرواری (2017/6/2)، بەبەکارهێنانی ڕێگەی تەنی سەرئاوکەوتوو





## سەرچاوەکان:


1. سەردانی مەیدانی توێژەران بۆ سەر ڕووباری زێی بچووک، لەبەرواری (2017/6/24).
2. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (ئەندازیار محمد حسن محمد) لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی قەڵادزێ و بەڕێز (ئەندازیار
3. سەلام محمود ناصر، دەرامەتە سروشتییەکان و ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی چالاکییە ئابورییەکان لەقەزای پشدەر، نامەی ماستەر (بلاْونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، 2016.
4. ڕزگار مصگفی محمدامین، بنەما جوگرافیەکانی جێربوونی پیشەسازی لەقەزای پشدەر، نامەی ماستەر (بلاْونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، 2017.

5. **https://fa.wikipedia.org/wiki/%D8%B3%D8%AF_%D8%B3%D8%B1%D8%AF%D8%B4%D8%AA**
6. **http://sardashtpress.ir/1011901489384696**
7. **http://www.isna.ir/news/95072716158/%D8%A2%D8%A8%DA%AF%DB%8C%D8%B1%DB%8C-%D8%B3%D8%AF-%D8%A8%D8%B2%D8%B1%DA%AF-%D8%B3%D8%B1%D8%AF%D8%B4%D8%AA-%D8%AA%D8%A7-%D9%BE%D8%A7%DB%8C%D8%A7%D9%86-%D8%A2%D8%B0%D8%B1%D9%85%D8%A7%D9%87**
8. **http://www.kurdpa.net/farsi/idame/16305**
9. **http://jamekurdi.com/report-and-discussion/%D8%A8%DB%95-%D8%A6%D8%A7%D9%88%DB%8C-%D8%B2%D8%A7%D8%A8%DB%8C-%D8%B3%DB%95%D8%B1%D8%AF%DB%95%D8%B4%D8%AA-%DA%AF%DB%86%D9%84%DB%8C-%D9%88%D8%B1%D9%85%DB%8E-%D8%B2%DB%8C%D9%86%D8%AF%D9%88%D9%88-%D8%AF%DB%95%DA%A9%DB%95%D9%86%DB%95%D9%88%DB%95.html**